# ميخال له یادكردنه‌وه‌كانمان ڕازی نییه

**عه‌لی مه‌حمود محه‌مه‌د**

ميخال ژنه جوله‌كه‌ى 40 سالأنه , ئه‌مسال له گۆڕه‌پانی دام له شاری ئه‌مستردام له یادی كاره‌ساتی هه‌ڵه‌بجه‌دا به‌شداریكرد , یادكردنه‌وه‌كه‌ی له ڕووی و هونه‌ری و ڕێكخستن و گوتار و ڕیتمی شیعر و سرود خوێندنه‌وه‌كان و تراژییای ناو وێنه‌ی قوربانی و پۆسته‌ره‌كان زۆر به دڵ بوو , لێ ئه‌وه‌ی ئه‌و گازنده‌ی لێ هه‌بوو و ئازاری ده‌دا ئه‌وه بوو ئاماده بووانی كورد نایان توانی له كاتی یادكردنه‌وه‌كه‌دا بێ ده‌نگ بن و جدییه‌ت به كۆڕی ماته‌مینییه‌كه‌یان ببه‌خشن .

ئه‌مه ڕاستی تێدایه‌و ده‌ردێكی كوشنده‌ی گه‌وره‌یه كورد پێوه‌ی ده‌تلێته‌وه , ئێستا ئه‌و ده‌رده كه‌وتۆته به‌ر دیدی ده‌ره‌وه‌ی خۆمان , تا ئێستا هه‌ر خۆمان بوین و گوێمان پێی نادا , به‌ڵام له ئێستاوه ده‌ره‌وه‌ی خۆمان به گه‌لێكی ڕوكه‌ش و سه‌تحیمان ده‌زانن .

جوله‌كه‌كان بۆیه كه‌ڵكیان له ڕابردووی خۆیان وه‌گرت , چونكه ڕێزیان له بیره‌وه‌رییه‌كانی ڕابردووه تاڵه‌كه‌یان گرت , ڕێزیان له‌و قوربانییانه گرت ئه‌مڕۆیان به‌هۆی ئه‌وانه‌وه بوونی هه‌یه .

ده‌شێت ئه‌و یادانه‌ی له‌به‌ر دیده‌ی ده‌ره‌وه ده‌كه‌ینه‌وه , نه‌ك ته‌نها به جه‌سته بگره به ڕوحیش تێكه‌ڵ به یاداوه‌رییه‌كه ببین , یاداوه‌رییه‌كه وا زیندوو بكه‌ینه‌وه گوزارشت له‌و چركه ساته بكات بووه به ڕۆژی حه‌شر و ڕوداوه‌كه تییێدا ڕویداوه , ئه‌گه‌ر نه‌توانیین عاشورایه‌ك به زنجیر و خوێن نمایش بكه‌ین , ده‌توانیین بێ ده‌نگ بین .

ئه‌وجا ده‌توانیین به میخالی دۆستمان و هه‌موو میخاله‌كانی دیكه‌ی جیهانی بسه‌لمێنیین , ئێمه تا ئێستاش له چركه ساتی مه‌رگه‌ساتدا ده‌ژێین و ڕابردووی خۆمان له یاد ناكه‌ین .

زۆر شت هه‌یه ده‌شێت له میخال و نه‌ته‌وه‌كه‌ی میخاله‌وه فێر بین , ئه‌گه‌ر ده‌مانه‌وێت بۆ داهاتوو بژێین .